# جیۆکوردستان ٤: سەکۆیەک بۆ گفتوگۆکردن دەربارەی زەویناسیی کوردستان



**د.ئیبراهیم محەمەد جەزا محێدین**

بەشی زەویناسی ،زانکۆی سلێمانی. ibrahim.jaza@univsul.edu.iq

## پێشەکی:

کاتێک گردبوونەوەیەک بۆ چوارەمین جار دووبارە بێتەوە واتە ئەوە ڕووداوێکە و پێویستی بە هەڵسەنگاندن هەیە. پاش ئەوەی لەساڵی ٢٠١٢ یەکەمین کۆنفرانسی جیۆلۆجی دەربارەی کوردستان بەسەرکەوتوویی تەواو بوو، پاشان جیۆکوردستانی ٢ و ٣ ئەنجامدرا و بەرهەمەکانیان لە چوارچێوەی ئەو توێژینەوانەی دوای هەر کۆنفرانسێک بەزمانی ئینگلیزی بڵاوکرانەوە دەبینرێت. لە ئێستا دا ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی چوارەمین کۆبوونەوە دەکرێت، واتە جیۆکوردستان ٤. ئەم ڕووداوە گرنگە سەرنجڕاکێشە هەردوو ساڵ جارێک لەلایەن **بەشی جیۆلۆجی**، زانکۆی سلێمانی لەگەڵ لقی سلێمانی **کۆمەڵەی جیۆلۆجی کوردستان** ئامادەکاریی بۆ دەکرێت. بڕیارە کۆنفرانسەکە لە ٨ تا ١٠ مانگی تشرینی یەکەم ٢٠١٩ لە شاری سلێمانی بەڕێوە بچێت لەناو کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی.




## مەبەست لە کۆنفرانسی زانستی چییە؟

کۆنفرانسی زانستی بریتییە لە گردبوونەوەیەکی ساڵانە یان دوو ساڵ جارێک یان زیاتر، کە تێیدا و لەماوەیەکی دیاریکراودا پسپۆڕان و شارەزایان و لێکۆڵەرەوان لەبوارێکی دیاریکراودا کۆدەبنەوە و گفتوگۆی زانستی و هەڵسەنگاندنی بابەتەکان ئەنجام دەدەن. ئەم ڕووداوە شارەزایانی ئەو بوارە لە شوێنە جیاوازەکانی جیهانەوە بەیەکدەگەیەنێت و سوود لە شارەزایی یەکتر وەردەگیرێت و بیرورا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بەئامانجی پێشخستنی ئەو زانستە و گەشەکردنی. لەهەمانکاتدا دەرفەتێکی زێرینیشە بۆ گەنجانی ئەو بوارە تا سوود لەئەزموونی نەوەکانی پێشوو وەربگرن و گفتوگۆکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری ئاسۆی بیری نوێ بهێنێتە مەیدان.

## بۆچی جیۆکوردستان ؟

گرنگی ئەم کۆبوونەوە زانستییە لەوەدایە کە دەبێتە ماڵێک بۆکۆکردنەوەی ئەو زەویناسانەی کە پسپۆڕن لە بەشێک لەبەشەکانی زەویناسیدا و دێن لەماوەی سێ ڕۆژدا گفتوگۆ سەبارەت بە جیۆلۆجی ناوچەی کوردستان دەکەن. ئەوەی کەئەم کۆنفڕانسە لەوانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە هەروەک لە بڵاوکراوەی یەکەمی کۆنفڕانسدا ئاماژەی پێکراوە، کە گشت ئەو توێژینەوانەی کە پێشکەش دەکرێن پێویستە دەربارەی کوردستان و ناوچەکانی هاوسێی بن. کەواتە جیۆکوردستان تایبەت دەبێت بەقسەکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیۆلۆجیای کوردستان لەڕووی جیاجیاوە، هەروەک بواری چینەکان و کۆگەنەوتییەکان و خاو و کەڤرە پیشەسازییەکان و جیۆفیزیا و جیۆکیمیا و بەردینەزانی و هایدرۆجیۆلۆجی و چەندین بواری وردی زانستەکانی زەوی. ئەمە مانای ئەوەنییە کە زانایان و پسپۆڕانی بیانی

(ناکورد) بەشدار نابن، بەڵکو لە ڕێگەی توێژینەوەی هاوبەشەوە چەندین زەویناسی ناکورد بەشدارن و هەندێکیان کاری زۆرباشیان بۆ کوردستان و عێراق ئەنجامداوە. ئەوەی کە گرنگە لەم کۆبوونەوە زانستییەدا ئەوەیە کە ئەو لێکۆڵینەوەانەی لە کۆنفرانسدا پێشکەش دەکرێن، پاش پێداچوونەوەی پسپۆرانی ئەو بوارە و ڕەزامەندیدان لەسەر بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکە ئەوکات چاپدەکرێن و دەزگاکانی حکومەت دەتوانن سوودی لێوەربگرن. لەلایەکی تریشەوە بەشداربوونی چەندین کۆمپانیای بەرهەمهێن لە بواری نەوت و کەرەستەی بیناسازی و چیمەنتۆ و پیشاندانی بەرهەمەکانیان لە پێشانگەی تایبەت بە کۆنفرانس دەروازەیەک بۆ یەکترناسین و گرێبەست نووسین واڵادەکاتەوە، کە تێیدا بەرهەمەکانیان بۆبینەران ڕووندەکەنەوە.

## سپۆنسەرەکان:

تا ئێستا هەریەک لە گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە و دەستەی کوردستانی بۆدیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بەسوپاسەوە سپۆنسەری ماددی کۆنفڕانسەکەن و زۆر سوپاسیان دەکەین. چاوەڕێدەکرێت کە دوو کۆمپانیای نەوتیش بەشداری بکەن لە سپۆنسەرکردنی کۆنفرانس.

## شوێنی کۆنفڕانس:

هۆڵەکانی کۆلیجی زانست لە کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی.

## شوێنی مانەوە:

لەپێناو ڕاکێشان و هاندانی توێژەرەوانی بواری زەویناسی بۆئەوەی کەکار لەسەر جیۆلۆجیای کوردستان بکەن و لەم کۆنفڕانسەدا بەشداربن، ئەو زەویناسانەی کە بە توێژینەوە بەشدارن شوێنی مانەوەیان بۆ (چوار شەو) دابینکراوە و بەهەموو

ژەمەکانی خواردنەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە سێیەم ڕۆژ گەشتێکی زانستی و گەشتیاری بۆبەشداربووان ئەنجام دەدرێت بۆناوچەیەکی دەستنیشانکراوی کوردستان کەلەلایەن شارەزایانەوە ڕێبەری دەکرێن.



## پرۆگرامی کۆنفڕانس:

لەم کۆنفڕانسەدا ژمارەیەکی باش توێژینەوەی زەویناسی لەلایەن پسپۆڕانی ناوەوە ودەرەوەی کوردستان پێشکەش دەکرێن، کەهەندێک لە توێژەرەکان لەوڵاتانی ئەمریکا و ئینگلیستان و ئێران و تورکیا و هەنگاریا و چەندین شوێنی ترەوە دێن. دوو ڕۆژی یەکەم ( واتە ٨ و ٩ تشرینی یەکەم) توێژینەوەکان لەلایەن توێژەرەکانەوە پێشکەش دەکرێن و ئامادەبووانیش بۆیان هەیە گفتوگۆی زانستی لەگەڵ پێشکەشکار بکەن و بیرو بۆچوون ئاڵوگۆربکەن. ئەم کردەیە دەبێتە گۆرینەوەی بیرو بۆچوون و هێنانە ناوەوەی زانستی نوێ و سوودوەرگرتن لە شارەزایی یەکتر، ئەمەلەلایەک و لەلایەکی تریش دەزگا حکومی و ناحکومییەکانی کوردستانیش دەتوانن سوود لەو بابەتانە وەربگرن و بیخەنە بواری جێ بە جێکردنەوە، کەهەندێک بابەتی تێدا بەشدارە تایبەتە بە پیشەسازی چیمەنتۆو خشت و نەوت و هتد.




لەکۆتایی ڕۆژی دووەمدا مێزگردێک ساز دەکرێت بەئامادەبوونی گشت بەشداربووان لەپێناو پوختەکردنی بۆچوونەکان و پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ حکومەتی کوردستان. بۆزانیاری زیاتر و وردەکارییەکان دەتوانن سەردانی ماڵپەڕی کۆنفرانس بکەن ( www.geokurd.com ).



## گەشتی زانستی:

زەویناسان کاتێک لەشوێنێک کۆدەبنەوە بووەبەباو، کە یەکێک لەڕۆژەکان گەشتێکی زانستی و گەشتیاری سازدەکەن بۆ سەردانی هەندێک جێگا کەلەڕووی زەویناسییەوە گرنگە و سەرنجڕاکێشە. لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەو شوێنانە لەڕووی گەشتیارییەوە گونجاو بێت ئەوا باشتر، هەروەک لە کوردستان ئەو شوێنانە گەلێک زۆرن و دەکرێت میوانەکان سەردانی ئەو شوێنانە بکەن .



لەپێناو ئەم مەبەستەدا ڕۆژی سێیەمی کۆنفرانس گەشتێک دەبێت بۆ یەکێک لەناوچە گرنگەکان لەڕووی جیۆلۆجییەوە، گشت ئامادەکارییەکان ئەنجامدراوە و ڕێبەری تایبەت بەوگەشتەش ئامادەکراوە کە ئاسانکاری بۆ میوانەکان دەکات تا بەئاسانی لەناوچەکە تێبگەن ( لەڕووی جیۆلۆجی و گەشتارییەوە) ، ئەمەسەرەڕای ئەوەی کە کەسانی پسپۆڕ لەبارەی جیۆلۆجییەوە ڕوونکردنەوە بۆئامادەبووان پێشکەش دەکەن .

## بانگەواز بۆ توێژەران:

لەکاتێکدا زۆر بەگەرمی داواکارین لە پسپۆڕان و شارەزایان و زەویناسان و بانگهێشتیان دەکەین کە بەشدارێکی چالاکی کۆنفرانسبن بە پێشکەشکردنی

توێژینەوەی زانستی، بەهیوای ئەوەین کەئەم کۆنفڕانسە و ئەو بابەتانەی کە تێیدا پێشکەش دەکرێن سوودمەند بن بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ببێتە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی پسپۆران و هۆکارێک بێت بۆ ئاڵوگۆڕی بۆچوونە زەویناسییەکان سەبارەت بەکوردستان .

## **ئاگاداری بۆ توێژەران**

**کاتی پێشکەشکردنی پوختەی توێژینەوەکان تا بەرواری ٢٠١٩\٥\١٥ درێژکراوەتەوە. دەتوانن زانیاری زیاتر لە ماڵپەڕی کۆنفرانس بخوێننەوە ( www.geokurd.com ) .**




## **لەئێستاوە بەخێربێن بۆ کۆنفرانس**